# ناميلكەی شەهيدانی كوردستان

ئەم ناميلكەيە ماوەيەک پێش ئێستا لە سەر ماڵپەڕی گيارەنگ بڵاو کرايەوە و ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆكانيش هەر ئەودەم ڕايگواست و بڵاوی کردەوە. وا ئێستا بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ڕۆژی ١٠ ی خاكەلێوە – ڕۆژی شەهيدانی كوردستان، ناميلكەكە سەر لەنوێ كەوتۆتە سەر ماڵپەڕی گيارەنگ و من بۆ ئامادە كردنی ئەم دێرانە لە مانگی خاكەلێوەی ١٣٩١ (٢٠١٢) دا سەردانم كردووە و كەڵكم لێ وەرگرتووە.

ناميلكەكە، ڕێزدار "ڕەحمان نەقشی" ئامادەی كردووە و كۆمەڵێكە لە زانياريی سەبارەت بە ژمارەيەكی زۆر لە شەهيدانی حزبی ديموكڕات، كە لە سەرچاوە كورديیەكان (كتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار) وەرگيراون.

بابەتی سەرەكی كاری نووسەر، ڕێبەران و فەرماندەرانی هێز و جێگرانی ئەوان و بەرپرسی كوميتەكانی حزبی ديموكڕاتە، كە بە شێوەيەک لەشێوەكان، بە گشتی لە شەڕی ڕژيمی پەهلەوی و بە تايبەت كۆماری ئيسلاميدا شەهيد بوون يا ئيعدام وتيرۆر كراون. واتە گەرچی ناميلكەكە تايبەت بە ١٠ ی خاكە لێوە بڵاو كراوەتەوە بەڵام شەهيدانی سەركردەی حزب لە ساڵانی پێشتر و دواتريشی گرتۆتە بەر.

هەندێک لەو كەسانەی وا لە ناميلكەكەدا ناويان هاتووە، كەسانێكن كە بە نەخۆشی يا لە دوورەووڵاتی كۆچی دواييان كردووە و هێنانی ناوی ئەوان لە ناميلكەكەدا دەبێ تەنيا لە هەستی خۆشەويستيی نووسەرەوە بەرانبەر بە ڕێبەرانی لەدەستچووی حزب سەری هەڵدابێت دەنا لەگەڵ عينوانی ناميلكەكەدا يەک ناگرێتەوە كە بريتييە لە "ليستەی شەهيدان...". نموونەی مەسەلەكە، هێنانی ناوی ئەم نەمرانەيە لەوێدا: حاجی بابەشێخی سەيادەت (لە ماڵی خۆی) و مامەقالەی دەبباغی (لە لەندەن) و سەيد سەلام عەزيزی (لە بەغدا)، بە مەرگی ئاسايی كۆچی دواييان كردوە و زۆر كەسی ديكەی لەو چەشنەش.

ئەوەی بۆ من سەرنجڕاكێش بێت دەست نيشانكرانی ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/٢٥ (١٩٤٧/٣/١٤) وەک ڕۆژی لە سێدارەدرانی يازدە شەهيدەكەی شاری سەقزە. ئەو ڕێكەوتە هەندێک جێگەی مشت ومڕە و بە تەواوەتی ڕوون نييە، جا نازانم سەرچاوەی زانياريی كاک ڕەحمان لەو بارەيەوە چی بووە، گەرچی زۆريش لە وێچوو دەچێت.

كارێكی گەلێک باشی نووسەر هێنانی ناوی چوار ئەفسەرە شەهيدەكەی باشووری كوردستانە لە ليستەكەدا (عێزەت عەبدولعەزيز و....). ديارە ئەو كەسانە لە لايەن حكوومەتی عيراقەوە و بە تاوانی ڕاپەڕين دژ بە حكوومەتی عيراق ئيعدام كران بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەو ڕووداوە دوای خزمەت كردنيان بە كۆماری كوردستان ڕووی دا و كارێكی بەجێيە ناويان لە ليستەی شەهيدانی كۆمار هەڵنەبوێررێت و يادیان ئاوێتەی بیرەوەريی كۆمار بكرێت. ڕێكەوتی ئيعدامی چوار ئەفسەرەكە ٢٩ی جۆزەردانی١٣٢٦ ڕاگەيێنراوە و بەرانبەرە زايینيەكەشی بە ١٩ی مارسی ١٩٤٧ نووسراوە لە كاتێكدا ئەو ٢٩ ی جۆزەردانە دەكاتە ١٩ ی مانگی ژوئەن واتە ٣ مانگ دواتر. دەبێ هەڵەيەک لە ڕێكەوتەكە يا بەراوردكارييەكەيدا ڕووی دابێت. محەممەد ئەحمەد قودسی- يەک لە چوار ئەفسەرە شەهيدەكە،

هاوسەری ڕێزدار میسری خانم، لە یەکەم مامۆستاکانی ژنی قوتابخانەی کچانی بۆکان بووە (بڕوانە بەشی ٢٣ ی ئەم زنجیرە ووتارە).

بەڵام لە پەیوەندی بۆکاندا:

نووسەر ناوی نەمر عەلی بەگی یەکشەوەی لەگەڵ ١١ شەهیدەکەی شاری سەقز خستووە و لیستەی ناوەکانی کردۆتە ١٢ گەرچی لە ڕوونکردنەوە دا گوتوویەتی عەلی بەگ "لە تەنیشت حەوزەگەورەی بۆکان" لە سێدارە دراوە. ڕۆژی ئیعدامی عەلی بەگیشی وەک ١٣٢٥/١١/٢٥ (١٩٤٧/٢/١٥) نووسیوە کە ڕاستە و لەگەڵ نووسراوەی سەر کێلی شەهید دا، یەک دەگرێتەوە (بڕوانە بەشی ٢٥٤ ی ئەم زنجیرە وتارە).

ژمارە ١٢ ی لیستەی ناوبراو باسی نەمر ئەحمەدخانی فاروقی (سالار سەدر)ە کە دەنووسێت موعاوینی هێزی بۆکان و ناوچە [لە کۆماری کوردستاندا] بووە و لەگەڵ ١٠ کەسەکەی تر لە ڕۆژی ٢٥ ی ڕەشەمە (ئیسفەند) ی ١٣٢٥ (١٩٤٧/٣/١٤) لە سەقز ئیعدام کراوە.

ئەوەش ناوی چەند کەس لە شەهیدانی دیکەی ناوچەی بۆکان لە نامیلکەکەدا:

شەهید سەرگورد کەریم عەلیار لە ١٠ ی پووشپەڕی ساڵی ١٩٨٥ شەهید کراوە.

سەروان عەبدوڵلا ئەفشین فەرماندەی هێزی بەیان لە ١٣٨٠/٧/٤ لە نزیک گوندی شیناوێ لە شەڕ لەگەڵ ڕژیمی ئێراندا شەهید بووە.

لە لیستەکەدا ناوی شەهیدان "عوسمان دادخا" و "محەممەد زولفەقادری" ش هاتووە کە وێدەچێت خەڵکی ناوچەی بۆکان بن و من زولفەقادری بە زولفەقاری دەزانم. بەڵام لە بۆچوونەکەشم دڵنیا نیم.

سەبارەت بە نەمر سەید سەلام عەزیزی نووسراوە: لە ساڵی ١٩٦٦ لە ئاوایی "دونگوز" ی بۆکان لە دایک بووە و لە ١٥ لەسەر ١٦ ی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٩ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

یادی هەموان بەخێر بێت!

ئەوە ئەدرەسی نامیلکەکە لە سەر ماڵپەڕی گیارەنگ:

http://www.giareng.com/babet2012/3/pdf/10y_xakeliwe.pdf